## ڕاپۆرتە هەواڵ لە هۆڵەنداوە: یانەی کوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندا لە مەراسیمێکی پڕ شکۆدا ڕێز لە کەسایەتی ناسراوی کورد، مامۆستا جەلالی سام ئاغا دەنێت



ۆژی 28-12-2014 یانەی کوردی "میدیـــا" لە دوا چالاکی کۆتایی ساڵی "میدیـــا"دا، بە ئامادەبوونی لیژنەی سەرپەرشتی ڕێکخراوەکە و دەستەیەک لە دۆست و هاوڕێ دێرینەکانی مامۆستا جەلالی سام ئاغا، مەراسیمێکی ڕێزلێنانی پڕشکۆیان بۆ یادی 73 ساڵەی لەدایک بوونی ئەم کەسایەتە خۆشەویست و ناسراوەی کورد و شاری سلێمانی ڕێکخست.

سەرەتا لە لایەن سەردار فەتاح ئەمین لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی هۆڵەندای سەر بە ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی. ن. ک)، ئەم ڕێزلێنانەی یانەی کوردی "میدیـــا" ی بەرز نرخاند و مامۆستا جەلالی عومەری سام ئاغای بە کەسایەتیەکی شیاو و خۆشەویستی خەڵکی کوردستان وەسف کرد و ئەوەی وەربیرهێنایەوە، "میدیـــا" وەک ڕێکخراوێکی کوردی چالاکی پڕبەخششی ساڵانە، کار و چالاکیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەمە جۆری بۆ کۆچبەرانی کوردی هۆڵەندای لە ساڵانی ڕابردوودا پێشکەش کردووە، ساڵانی پێشوو ئەم نەریتی ڕێزلێنانەی بۆ کۆمەڵێکی دیکە لە کەسایەتی گەلەکەمان پێشکەش کردووە. بە خۆشحاڵیەوە ئەمساڵ مامۆستا جەلالی سام ئاغا سەردانی هۆڵەندەی کرد و "میدیـــا" بە هەلیزانی ئەم مەراسیمی ڕێزلێنانەی بۆ ئامادە بکات.

لە مەراسیمەکەدا چەند دیاریەکی هەمە جۆر و دیاریەکی بەنرخی ڕەمزی ئامادە کردبوو، سەرەتا لە لایەن مەبەست جەعفەر سەرپەرشتیاری یانەی کوردی "میدیـــا"ی هۆڵەندا، دیارییە سەرکیەکە پێشکەش بە مامۆستا جەلالی سام ئاغا کرا و دیاریەکانی دیکەش لە لایەن ئیبراهیم عەلی سەعید ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی یانەی کوردی "میدیـــا" ئەمستردام، پێشکەش بە مامۆستا جەلالی سام ئاغا کرا.

پاشان هەریەکە لە ئامادەبووان باسی هەڵوێستە بوێر و کار و چالاکیە پڕبەخششەکانی مامۆستا جەلالیان کرد و ڕۆڵی دیاری ئەم کەسایەتییەیان لە بواری چاکسازی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەرز نرخاند.

له میانی مەراسیمەکەدا مامۆستا جەلالی سام ئاغا، سوپاسی ئەم ڕێزلێنانەی یانەی کوردی "میدیـــا"ی کرد و وتی: من هەرچی کار و خزمەتێکم له ژیانی فەرمانبەری خۆمدا کردبێت، له پێناوی چەسپاندنی سیستەمی دەوڵەتداری و چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووه، هەرچەنده بەداخەوه گەلێک کۆسپ و تەگەره و گرفتی جۆربەجۆرم له کارەکانمدا هاتۆته ڕێگە، نابێت ڕۆڵ و پشتگیری بەڕێز جەنابی (مام جەلال)، له بیر بکەم، که هەمیشه پاڵپشت و هاندەرێکی باش و سەرکیم بووه تا ئەو ڕۆژەی دەستم لەبەرپرسیارێتی کێشایەوه.

به کورتی ژیاننامەی مامۆستا جەلالی سام ئاغا:

ساڵی ١٩٤١ له گەڕەکی سەرشەقام له سلێمانی لەدایک بووه.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی له سلێمانی تەواوکردووه.

ساڵی ١٩٦٣ کۆلێژی بازرگانی و ئابووریی له زانکۆی بەغداد تەواو کردوه.

ساڵی ١٩٦٥ هەروەها کۆلێژی ئەفەسارنی یەدەکی له بەغداد تەواو کردووه.

زیندانی سیاسی بووه بەهۆی چالاکیی سیاسیی کوردییەوه ١٩٦٢، له زیندانی خەلف ئەلسەده له بەغداد کاتێک که خوێندکار بووه.

له ساڵی ١٩٦٤ وەکو فەرمانبەر دامەزراوه، له فەرمانگەی پۆستی سلێمانی. پاشان پاڵێوراوه بۆ بەڕێوەبەرێتی بانکی بازرگانیی سلێمانی، پاشان گوێزراوەتەوه بۆ زانکۆی سلێمانی و ساڵی ١٩٧١ کراوه به بەڕێوەبەری کارگێڕیی زانکۆی سلێمانی.

له ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ بەشداریی شۆڕشی ئەیلوولی کردووه.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، دوورخراوەتەوه بۆ ماوەی زیاتر له ٥ ساڵ بۆ بەغداد.

له هەشتاکاندا هاتۆتەوه بۆ سلێمانی له فەرمانگەی گشتیی شارەزوور و بەڕێوەبەرێتیی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی کاری کردووه هەتا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

له دوای دروستکردنی یەکەم حکومەتی کوردستان، کراوه به ڕاوێژکاری دارایی و ئابووری له وەزارەتی دارایی و ئابووری و هەتا ساڵی ٢٠٠٠، پاشان بۆ ماوەی ٣ ساڵ بووه به بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

له ساڵی ٢٠٠٢ موه کراوه به سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، به پلەی وەزیر بۆ ماوەی زیاتر له ٩ ساڵ لەو پلەوپایەیەدا ماوەتەوه، له سەرەتای ٢٠١١ لەسەر داوا و پێداگرتنی خۆی، خۆی خانەنشینکردووه.

له ماوەی ئەم دوو وەزیفەیەیدا له وەزارەتی دارایی و له دیوانی چاودێری دوو جار به فەرمی داوای کەمکردنەوەی مووچەکەی خۆی کردووه لەبەر بارودۆخی خراپی دارایی ئەوکاتەی حکومەت. جگە لەمەش خانووەکەی خۆی که به زیاتر له ٦٠٠ هەزار دۆلار نرخێندراوه، لەسەر وەزارەتی تەندروستی تاپۆی کردووه که له دوای خۆی بکرێت به بنکەیەکی تەندروستیی بۆ دانیشتوانی گردی سەرچنار و خەڵکیتر. هەروەها ئەو پارچه زەوییەی، که هەیبووه پێشکەشی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی کردوه و فرۆشراوه به زیاتر له ٧٠ ملیۆن دینار، ئەو پارەیه خراوەته بانکەوه وەک شێوازێک له خەڵاتی نۆبڵ هەتا سوودی ساڵانەکەی بدرێت به فەرمانبەرانی شایسته و لێهاتوو. هەروەها تەرخان بکرێت بۆ ئەو خانمەسەلارانەی دیوان، که دەستنیشان دەکرێن بۆ ئەو خەڵاته، لەمەشدا ئامانجە سەرەکییەکه ئەوەیه که هانی دەستپاکی و دڵسۆزی و ڕەوشتبەرزی تاکی کورد بدرێت.

شایانی باسه، بەهۆی کاروبارە پێویستییەکانی دیوانی چاودێریی داراییەوه، بۆ بەرگری لێکردن و پاراستنی مڵک و ماڵی گشتییەوه، سەرۆکی دیوان و فەرمانبەران، ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشه و ناوزڕاندنی نێو میدیاکان بوونەتەوه، که له ڕێگەی گەندەڵکاران و تاڵانچییەکانی مڵک و سەروەت و سامانی میللەتەوه، بەرامبەریان کراوه. ئەم زانیاریانه هەموویان له پەڕتووکی ڕوونکردنەوەکانی دیوانی چاودێریی داراییدا پارێزراون، له بەرگی یەکەم و دووهەمی بەڵگەکاندا و بەدوورودرێژی بڵاوکراونەتەوه.

مامۆستا جەلالی سام ئاغا، تاکه وەزیریشه که دوای خانەنشینکردنی، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوه ڕێزی لێنراوه، بەڕێز کاک عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی پێشووی حکومەت و چەند گەوره بەرپرسێکی حکومەت ڕێزلێنانەکەیان له ماڵەکەی مامۆستا خۆیدا پێشکەشیان کردووه، به خۆشحاڵییەوه ئەمڕۆش یانەی کوردی "میدیـــا" لەهۆڵەندا، توانی شەرەفی ڕێزلێنانی دووەهەمی پێ ببرێت.